# کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی دا

سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو بەشداربووان لەم سمینارە.

بابەتێ کە پێشکەشتان دەکەم، سەبارەت بە کێشی (وەزنی) عەرووزی لە شیعری کوردیە. کێشی عەرووزی لە عەرەبییەوە هاتە نێو زمانەکانی فارسی، تورکی و کوردی. دانەری ئەم کێشە بۆ زمانی عەرەبی زانایەک بە ناو "الخلیل بن احمد" بوو کە لە دەورووبەری ساڵانی 100 هیجری لە بەسرە لە دایک بوو.

مێژووی ئەدەبی فولکلۆری و نەنووسراوی کوردی بێگومان زۆر کۆنترە لە ئەدەبی نووسراوە. بەڵام مێژووی شیعری نووسراوی کوردی بە شیعری ئائینیی یارسانەکان دەست پێ دەکات. بە داخەوە بە سیقەوە ناکرێ مێژووی شیعری یارسان دیاری بکریت. مارف خەزنەدار لە کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" دەنووسی کە قۆناغی یەکەمی ئەدەبیاتی ئایینی یارسان لە سەدەکانی (10-12ز.) بووە.

لە پەنای ئەدەبی یارسان، هەوەڵین نووسراوەی ئەدەبی کە مێژووی ڕوونە، دیوانی شیعری "مەلا پەرێشانە". مەلا پەرێشان لە ساڵی 1356 زاینی لە شاری دینەوەری کرماشان لە دایک بووە. لەم شاعیرە دیوانێک شیعر بە جێ ماوە.

ئەدەب دۆستی خانەدانی ئەردەڵانەکان کە لە نیوەی سەدەی چواردەی زاینی تا ساڵی 1867 لە کوردستانی ڕۆژهەڵات حکومەتیان کرد، بوو بە هۆی پەرەسەندنی زیاتری ئەدەبی هەورامی.

شاعیرانی گۆرانی و هەورامی بێژ وەکو پیرشالیار، سلتان ئەسحاق، بابایادگار، ئەڵماس خانی کەندوولەیی، خانای قوبادی، ئەحمەدبەگی کۆماسی، بێسارانی، سەیدی، مەولەوی، میرزا شەفیع جامەڕێزی و دەها شاعیری ناودار و بێناوی دیکە، لە ڕۆژهەڵات تا باشووری کوردستان، لە ئیلام تا کەرکووک ، زمانێکی ئەدەبی یەکپارچەیان پێک هێنا و شیعری کلاسیکی کوردیان دەولەمەند کرد.

له گۆشەیەکی دیکەی کوردستان له باکوور ئەدەبی کوردی خۆی دەنواند. لەم بەشەی کوردستان هەولین شاعیری کورد که دیوانی شیعری لێ بە جێ ماوه "عەلی هەریری"ه که له ساڵانی 1530 تا 1600 ژیاوه. چەن شاعیری دیکه وەکو فەقی تەیران (1641-1530)، مەڵای جزیری (1640-1467)، ئەحمەدی خانی (1707-1657)، مەلای باتەیی (1760-1675) وهتد پەرەیان به ئەدەب لەم ناوچەیه دا.

شیعری سۆرانی گەنجتر له شیعری گۆرانی و کرمانجییه. ئەم شیعره له سەدەی نۆزدەهەم بەدی هات بەڵام به خێرایی پەرەی سەند و ورده ورده جێگای شیعری گۆرانی و هەورامی گرتەوه و خۆی وەک زمانی ئەدەبی داسەپاند. نالی، سالم، کوردی، ناری، حاجی قادری کویی، تاهیربەگی جاف، مەحوی و دەها شاعیری دیکه، شیعری سۆرانیان گەیانده بەرزترین لوتکەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی.

زمانی کوردی وەکو هێندێ له زمانەکانی دیکه خاوەنی دوو سیستەمی کێشییه: یەکێکیان کێشی سترێسی – بڕگەیی و ئەوی دیکەیان کێشی عەرووزی-یه. شیعری فۆلکلۆری و شیعری کلاسیکی گۆرانی – هەورامی به سەر سیستەمی کێشی سترێسی – بڕگەیی- هۆنراوه.

شاعیره گۆرانی و هەورامی بێژەکان له کاتێ ئەم کێشەیان به کار هێناوه که له هەموو ناوچەکانی ئێران دا بۆ شیعری کلاسیک کێشی عەرووزی به کار هێنراوه و کێشی سترێسی – بڕگەیی له شیعری فولکلور به کار بەستراوه. "ئۆمێدی تەبیبزاده" له کتێبی "تحلیل وزن شعر عامیانه فارسی" دەنووسی که له چاوپێخشانێکی سەرەکی دەردەکەوێ که ناوەڕۆکی شیعری هۆی جودا بوونەوەی شیعری فولکلور له شیعری کلاسیکه. ناوەڕۆکی شیعری فولکلور زۆرتر بریتییه له شۆخی و پێکەنین و زۆر جاریش هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نییه بەڵکو له گەڵ وشه دا کایه دەکرێت و زۆر جار گرنگ ئەوه بووه که به کێش و ڕیتم موزیکی کەلامی درووست بێت. دووهەمین ئەدگارێک که "تەبیبزاده وەک هۆکاری جودابوونەوەی شیعری فولکلور له شیعری کلاسیکی

دادەنێ، جۆری کێشەکانە، یانی کێشی سترێسی – پڕگەی بوو شیعری فولکلۆر و کێشی عەرووزی بۆ شیعری کلاسیک.

پێویستە ئاماژە بکەم کە شیعری بەر لە ئیسلام کێشی سترێسی – پڕگەیی هەبوو بەڵام شیعری کلاسیکی فارسی دوای ئیسلام بە تەواوی چووە سەر سیستەمی کێشی عەرووزی.

لە شیعری گۆرانی – هەورامیدا ئەم ئاڵ و گۆڕە ڕووی نەدا و کێشی عەرووزی کە لە عەرەبییەوە هاتبووە ناو زمانە غەیرە عەرەبییەکانەوە نەیتوانی خۆی بە سەر ئەم زمانەدا داسەپێنێ. بۆ من ڕوون نییە کە ئایا ئەمە بەرانبەرکێیەک لە گەڵ ئائینی ئیسلام بوو یا نە؟ ئایا هەر وا کە ناوەڕۆکی شیعری یارسانەکان پیرۆز بوو، کێشەکەشی پیرۆز چاوی لێ نەکرا و نەپارێزرا؟ و لە ئەنجامدا وەک سۆننەتێکی (tradition)بەهێز بۆ شیعری گۆرانی و هەورامی نەمایەوە؟ بە هەر جۆرێ کە بوو کێشی سترێسی – پڕگەیی بە پێچەوانەی شیعری کلاسیکی فارسی لە شیعری کلاسیکی گۆرانی و هەورامی مایەوە. شاعیرە گۆرانی – هەورامی بێژەکان هەر کات بە سۆرانی، فارسی، عەرەبی و یا تورکی شیعریان دەوت، کێشی عەرووزیان بە کار دەبەست و بۆ شیعری گۆرانی کێشی سترێسی – پڕگەییان بە کار دەهێنا.

هەڵبەت یەک هەڵاوەردەمان هەیە، ئەویش "سەیدی هەورامی"یە کە هێندێ لە شیعرە هەورامییەکانی بە کێشی عەرووزین. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە زمانی سەیدی، زمانێکی تایبەتە و کەمێ لە هەورامی لا دەدا. کاردۆخی، دەرهێنەری دیوانەکی، دەنووسی کە سەیدی لە سەدەی هەژدەی زاینی ژیاوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکا کە هێندی کەس پێیان وایە، دوو "سەیدی" هەبووە کە کۆنەکەیان لە سەدەی شانزدەی زاینی ژیاوە و نوێکەیان لە سەدەی هژدەی زاینی دا. هەڵبەت کاردۆخی خۆی ئەم ڕوانگە بە درووست نازانێ و دەڵێ سەیدی بە دوو دیالیکتی کۆن و نۆی شیعری وتوە. ئەو هۆنراوانە کە بە وتەی کاردۆخی بە دیالیکتی "کۆنن" و هەر وەها هۆنراوە فارسی و عەرەبییەکانی سەیدی، بە کێشی عەرووزین و ئەوانەی کە بە هەورامی "نوێ"ن، کێشی سترێسی – پڕگەیی- یان هەیە. دوو هۆنراوە لە دیوانی سەیدی دەخوێنمەوە تا ئەو جیاوازییە نیشان بدرێت:

1- دەنگی یار مەیۆ (کێشی سترێسی – پڕگەیی هەیە)

**دەنگی یار مەیۆ**

| | |
|---|---|
| دەنگی یار مەیۆ، دەنگی یار مەیۆ | هەی داد هەی بێداد، دەنگی یار مەیۆ |
| سەدای ناڵە و ئاخ، دەردەدار مەیۆ | دەنگی ناڵینش پرووزگار مەیۆ |
| ئێشەو کەیفی من، چون هەر شەو نیەن | ئەو دیدەی مەستش، جویای خەو نیەن |
| ئێش دیدەشەن، دیدەم بێ کەیفەن | دەیدەی بەد ئێشۆ، دیدەی یار حەیفەن |
| یا موعجزەی دەست، مەسیحای مەریەم | ئێشی دیدەی یار ئێشەو ببۆ کەم |
| جەو ساوە یاران دیدەی یار ئێشان | جە ڵای خواوە ئێشش من کێشان |
| شیرین مەناڵۆ، ئێشی چاوشەن | سەیدی نە ڕۆ خورد، نە شەو خاوشەن |

2- مۆسڵمۆنا ( بە کێشی عەرووزییە، زمانەکەشی لە هەورامی کەمێ لادەدا)

بحر هزج (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**مۆسڵمۆنا**

مۆسڵمۆنا ئەز عاشقنۆ تەنو جەستەم پەشێو حاڵۆ

تلێم خەستە دڵم خەمگین چەمم هەرسین زوان لاڵۆ

ئەزیج بێم یارە لەنجێڤە ڤلێوە سوورە سنجێڤە

زەریفە ساوە زنجێڤە گوڵ ئەندامە زەریف خاڵۆ

برەم مەجنون برەم بارۆم نیشات تاکەت لوان ئارۆم

جگاش ئاستۆ لوانامۆ بێ ئادە زیندەگیم تاڵۆ

دەرەک من گەر مروو دیدە تە وەش بینە و نەڕەنجیدە

فدێۆ تۆ بۆ جەسەو سەیدی تە کاڵۆنی هومای کاڵۆ

من پێم وایە زمانی تایبەتی ئەم هۆنراوە و هۆنراوەکانی دیکەی لەم چەشنەی سەیدی بوەتە هۆی ئەوە کە شاعیر کێشێکی جیاواز لە شیعری گۆرانی – هەورامی هەڵبژیرێ. یا ئەوەی کە

شاعیر چون ویستویەتی کێشی عەرووزی بە کار بێنێ، دیالکتێکی تایبەتی بە ئەم چەشنە شیعرانە هەڵبژاردوە. بە هەر حاڵ قەزاوەت کردن، دژوارە.

دێمەوە سەر باسە سەرەکییەکە. تاکوو ئێستا هەوڵی زۆر بۆ شیکردنەوەی کێش و ڕیتم دراوە و زۆر وتار و کتێب نووسراون. سەبارەت بە کێشی خۆماڵی یا سترێسی – بڕگەیی بە تایبەت نووسراوەی بەنرخی زۆر هەن، یەکێ لەوانە کتێبی "کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی" لە "محەمەد بەکر"ە. ئەو ئاماژە بە چەند هەوڵی نوێ بۆ لێکۆلینەوەی شیعر بە کێشی عەرووزی و پۆلێنکردنیان بە سەر شیعری کوردی دەکات. لە نێو عەرووزناسەکانی ئێرانیش دا "ئەبوالحەسەنی نەجەفی" شیعری عەرووزی لە ڕوانگەی زمانناسییەوە داوەتە بەر لێکۆڵینەوە کە لە ئەنجام دا هەشت یاسا پێشنیار دەدات.

پێش ئەوە بە وردی بڕۆمە سەر بابەتی کێشی کوردی، کۆرتە باسیک سەبارەت بە کیشە جیهانیەکان و کێشی عەرووزی سۆننەتی دەکەم.

<u>کێشە جیهانیەکان</u>

کێش ناسەکان کێش، بە دوو دەستەی سەرەکی دابەش دەکەن: 1- سیستەمی کێشی سادە و سیستەمی کێشی لێکدراو.

لە کێشی سادە دا تەنیا یەک ئەدگار رۆڵی هەیە و نەزم لە دووپاتبوونەوەی ئەم ئەدگارە بەدی دێت. وەکوو کێشی بڕگەیی یان کێشی سترێسی. هەڵبەت هێندی لە کیشناسەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە کێش ناتوانێ تەنیا لە هاوژمارەیی بڕگەکان پیکبێت. بەڵام کێشی شیعری فۆلکلۆری مەجاری بە کێشی بڕگەیی دادنرێت. کێشی شیعری منداڵانەی ئەنگلیسیش لە نەوعی سترێسییە و تەنیا لە هاوژمارەیی سترێسەکان پێک دێت.

جوری دووهەمی کێش، کێشی لێکدراوە. لەم کێشەدا وێرای ژمارەی بڕگەکان، بۆ ئەدگاریکی دیکە مەرج دادەنرێت وەکو accent , ton . کێشی لێکدراو خۆی بە سێ دەستە دابەش دەبێ:

1- کێشی سترێسی – بڕگەیی sylabic – accentual . ئەم کێشە باوترین کێشی جیهانە. شیعری کلاسیکی ئەنگلیسی نموونەیک لەم کێشەیە.

2- کێشی tonal– شیعری چینی

3- کێشی عەرووزی quantitative - وەکو: شیعری گریکی، عەرەبی، فارسی و کوردی کلاسیک

هەروا کە پێشتر وتم، شیعری کوردی خاوەنی دو سیستەمی کێشییە. هەم لە کێشی سترێسی – بڕگەیی و هەم لە کێشی عەرووزی دا بڕگە ڕۆڵێکی دیاری کراوی هەیە. بەڵام ئەو ئەدگارەی کە ئەم دوو کێشە لە یەک جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە کێشی سترێسی – بڕگەیی، بە سترس بایەخ دەدرێ و لە کێشی عەرووزی دا درێژی و کورتی بڕگەکان گرنگن.

زۆر لە مێژەوە عەرووزناسەکان هەوڵیان داوە ئەو یاسانەی کە شیعری عەرووزی پێک دێنن، بناسن و تیۆریزەی کەن. ئەوان دەیانزانی کە هێندێ لە کێشەکان زۆر لە یەک نزیکن. بۆ وێنە کێشێک کە لە دووپاتبوونەوەی "مەفاعیلون" پێک دەهات، بە ئاڵووگۆڕێکی چکوولەوە بە "فاعیلاتون" یا "موستەفعلون" یا "مەفعوولات" دەگۆڕدڕا. بۆیە ئەم کێشە هاوجنسانەیان دەنا ناو دایەرەیەکەوە. ئەگەر ئەم دایەرەیە دەور بدەینەوە، بەحری هەزەج درووست دەبێ. لە هەر بەحرێکیش دا چەن کێش پێک دێت کە ئەوەلییەکەیان "مۆسەمنی سالم"ە یانی چوار جار "مەفاعیلون" دووپات دەبێتەوە. بە لابردنی بڕگەی "لەن" لە "مەفاعیلون"، کێشێکی تازە بە ناو " مۆسەمنی مەحزووف"درووست دەبێت. بەم جۆرە هەر دایەرەیەک چەن بەحر و هەر بەحرێک چەن کێشی دەبێ.

پاش درووست کردنی بەحر و کێش، مەسەلەی پێک هاتنی کێشی نوێ لە کێشەکانیتر پێک دەهات. عەرووزی سوننەتی هەر ئاڵووگۆڕێک لە نێو بڕگەکانی، "زەحاف" ناو دەنا. ژمارەی زەحافەکان لە فارسی و عەرەبی وەردە وەردە زیاتر بوون و ژمارەیان بە 49 دانە گەیی کە فیر بوونیان زۆر زەحمەت بوو.

عەرووزی سوننەتی (traditional) بە هۆی کەمی زانستی زماناسییەوە ئەم شێوە دژوارەی بۆ دیاریکردنی کێش دانابوو. عەرووزی نوێ بەڵام بە جۆرێکی دیکە لە ئاڵووگۆری بڕگەکان دەنوارێت.

عەرووزی نوێ دەڵێ بۆ ئەوەی لە کێشی شیعرێک تێ بگەیەین دەبی هەوەڵ وشەکانی هەر نیوەدێڕێک (stichos) بە بڕگە دابەش بکەین، پاشان هەنگاوەکان جودا کەینەوە. لە کێشی عەرووزی دا دەبی لە هەموو نیوەدێڕەکان دا برگەی کورت بەرانبەر بە بڕگەی کورت و برگەی درێژ بەرانبەر بە بڕگەی درێژ ڕاوەستێ. هەڵبەت لە ڕاستی دا هەمیشە ئەم نەزمە پێکنایێت بەڵام هەست بە لەنگی شیعرەکەش ناکرێت. چۆن چتی وا دەتوانێ ڕوو بدات؟

بناخەی عەرووزی نوێ بە سەر یاساکانی زمانە وەستاوە و پەیڕەوی ئەوە، بە تایبەت فۆنتیک ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە.بۆ ناسینی عەرووزی هەر زمانێک دەبی تایبەتییەکانی فۆنتیکی بەتایبەت ڤاولەکانی (vowel) ئەو زمانە بناسڕێت .

زمانی کوردی خاوەنی پێنج ڤاوڵی درێژ (ā, ē, ī, ō, ū) و سێ ڤاوڵی کورتە(a, u, ı) . مک کارووس و مککنزی کە لە سەر زمانی کوردی کاریان کردوە، دەنووسن کە چۆنیەتی ڤاوڵە درێژەکان هەمیشە یەک جۆر نییە و دەتوانێ بگۆردرێت. ئەگەر بێتو ئەم ڤاوڵانە لە ئاخری وشە یا بڕگە بێن و سترێس بە سەریانەوە نەبیت، کورت دەبنەوە. ئەم خاڵە لە کاتی دیاری کردنی کێشی شیعر زۆر گرنگە.

خاڵی گرنگی دیکە دیاری کردنی بڕگەکانە. چەند جۆر بڕگە لە زمانی کوردی هەیە؟

چکۆلەترین بڕگە بریتییە لە کونسنانتێک و ڤاوڵێکی کورت ( consonant + vowel) وەکو "بە، کە" کوانتیتێتی ئەم بڕگە کورتە.

بە سەر یەک دا شەش بڕگە لە زمانی کوردی دا هەیە:

| جۆری بڕگە | نموونە | کوانتیتێت | کوانتیتێت |
|---|---|---|---|
| CV | بە، کە | U | کورت |
| C<u>V</u> | دا ، با | - | درێژ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | سەر ، دەر | - | درێژ |
| CV̲C | کار ، دوور ، هیچ | - | درێژ |
| CVCC | چەند، پەند ، دەست | U - | کێشراو |
| CV̲CC | کارد، ڕاست | U - | کێشراو |

پاش ناسینی تایبەتمەندییەکانی ڤاوڵەکان و پڕگەکان، دەکرێ یاساکانی عەرووزی کوردی نیشان بدریت.

پێشتر وتم کە "نەجەفی" کێشی عەرووزی لە ڕوانگەیەکی زمانناسییەوە شی کردوەتەوە. بە ڕای من زۆربەی ئەم یاسانە دەتوانن بۆ عەرووزی کوردیش بەکار بهێندرێن.

چون مەجال کەمە ناکرێ ئێستە باسی هەمووی ئەم یاسانە بە وردی بکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم، گرنگترینەکانیان هەڵبژێرم.

"نەجەفی" سێ خاڵی سەرەکی بۆ شیعری کێشی عەرووزی دادەنێ:

1- هەڵاوەردە (exeption)
2- ئێختیاراتی شاعیری
3- زەروورەتی کێشی

بە پێی خالی یەکەم شاعیر مافی هەڵبژاردنی نیە و دەبێ یاساکانی ئەم خاڵە بە تەواوی ببات بە ڕێوە. بە پێچەوانەی خاڵی یەکەم، شاعیر لە خاڵی دووهەم دا دەتوانێ یاساکان بە کار بێنێ یا نەێنێ. لە خاڵی سێهەمیش ئەگەر زەروورەتی شیعرەکە حوکم بکات، شاعیر دەبێ یاساکانی بە کار بێنێ.

لە ناو هەڵاوەردەکان ئەوەلین یاسا ئەوەیە کە پڕگەی ئاخری نیودێر دەبێ هەمیشە درێژ بێت. بە واتای دیکە، چ پڕگەی درێژمان بێ یا پڕگەی کورت، دەبێ وەکو درێژ چاوی لێ بکەین. پڕگەی ئاخر ناتوانێ کورت بێت. عەرووزی سوننەتی بۆ ئەم ئاڵووگۆڕە کێشی تازەی درووست دەکرد و ناوێکی تازەی لێ دەنا. بۆ وێنە ئەگەر بحری هەزەج- مان بووایە یانی 4 جار "مەفاعیلون" ناوی "بەحری هەزەجی مۆسەمەنی سالم" بوو و ئەگەر لە ئاخرین "مەفاعیلون" پڕگەی "لن" نەبوایە ناوی دەبووە "بەحری هەزەجی مۆسەمەنی مەقسوور". عەرووزی نوێ دەڵێ هەر دووی ئەم کێشانە یەکیکن، چون "مەفاعیل" لە هەنگاوی ئاخر دایە، دەتوانێ درێژ بێتەوە و لە ئەنجام دا وەکوو "مەفاعیلون" لە یەک پڕگەی کورت و سێ پڕگەی درێژ پێک دێت.

ئەم کێشە باوترین کێشی شیعری کلاسیکی کوردیە. بۆ وێنە چەن دێڕ لە شیعری "دڵی غافڵ" لە "دیوانی حەریق" دەخوێنمەوە تا ئەم حاڵەتە نیشان بدەم.

لەم شیعرە دا زۆربەی پڕگەکانی ئاخری نیوەدێرەکان کورتن، بەڵام بە پێی یاسای نەجەفی دەبێ هەموویان بە درێژ چاو لێ بکرێن. چون چ پڕگەی ئاخری ئاخرین هەنگاو کورت بێ چ درێژ، لە کێشەکەدا هەست بە لەنگی ناکرێت. لە ئەم کاتانە دا عەرووزی سوننەتی وای دەزانی کە شاعیر هەڵەی کردوە. شیعرەکە ئەمەیە:

خەیاڵت مونحەسر بوو ئەی دڵەی غافڵ لە دونیایە

نەدامەت بۆ نەتیجەی ئاخری ئەم شۆر و غەوغایە

ئەوا لازم بوو سەر خۆشی لە تۆ ئەی دڵ کە سەر خۆشی

بە بادەی غافڵی بێ هۆشی دەردت قەت شفای نایە

عەجەب بۆت بۆتە زستان زەمهەریری باری عیسیانت

کە شک نابەی چ سەرمایە، دەڵێی وەیوەی چ سەرمایە

بە دەستی دێوی نەفسم دڵ وەکو مورغی بێ پەڕ وایە

وەکو پەروانە بۆ شەمعی تەلەسمی ئەو بێ پەروایە

که تفڵی عیشقی بێ مەشقم لە نێو بازاری سەودایە

به ئەو سەودایە سەر خۆشە دەڵێ کارم لە سەودایە

وەکو پەروانە بۆ شەمعی جەماڵی ئەو کە موشتاقم

به تەسویری "حەریقم" هێندە سۆزی ئەو لە دڵ دایە

لە ئەم شیعرە دا بڕگەکانی ئاخری ئەم وشانە کە لە هەنگاوی ئاخری نیوەدێڕدان، "خوشی"، "عسیانت" و "موشتاقم" درێژن، ئەوانی دیکە هەموو کورتن. لە ڕوانگەی عەرووزی سوننەتییەوە، ئەمە چارەسەر ناکرێت. بەڵام هەر وەها کە وتم، عەرووزی نوێ چارەسەری بۆی هەیە. دەلیلی قۆرسیشی ئەوەیە کە کێشەکە لەنگ بە گۆی نایێت.

یاسایەکی دیکەی نەجەفی سەبارەت بە ڤاوڵی /ə/i. لە خەتی کوردی دا بو ڤاوڵی /i/ و کونسنانتی /y/ یەک نیشانە بە کار دێت. بەڵام لە ڕاستی دا زۆر لە یەک جیاوازن.

بە پێی ئەم یاسایە هەر کات ڤاوڵی /i/ پێش کونسنانتی /y/ بێت، ڤاولەکە کورت دەبێتەوە. ئەم خاڵە زمانەوانییە لە شیعریش دا خۆی نیشان دەدا بەو جۆرە کە کوانتیتێتی بڕگەکەی کورت دەکاتەوە، وەکو:

"سەد شوکر دووبارە جەژنە وەختی عەیش و شا<u>دیە</u>

بۆ بەڵا گەردانی باڵات قۆچی قۆربانم وەرە"

لە وەشەی "شادییە" šādiya ، بڕگەی di کورتە .

لە وشەی "نییو" لە بەیتێکی سەیدی- شدا هەمان شتمان هەیە. Niyo دوو بڕگەی Ni + yō هەیە کە بڕگەی Ni کورت:

"چەنۆ ئاخوو خەموو من پەی نیشاتێ

سیواو ئاخۆ <u>نییۆ</u> هیچ دەسەڵاتم"

نەجەفی لە خاڵی "ئێختیاراتی شاعێری دا دوو یاسا دیاری دەکات. شاعیر لە دوو شوێن دا دەتوانێ کوانتیتێتی ڤاولەکان بگۆڕێت. یەکەمیان ئەوەیە کە بە جیاتی کێشی "فەعەلاتون" U - -)

(U له هەنگاوی هەوەڵی نیوەدێڕ، کێشی "فاعلاتون" (- U - -)به کار بهێنرێت. تەنیا ئاڵوگۆڕێک که روو دەدا، دانانی ڤاوڵیکی درێژ به جێگای ڤاوڵێکی کورته. هەروەها که وتم ئەمه مافێکه که شاعیر دەتوانێ به کاری بێبێ بەڵام مەجبوور نییه.

دووهەمین مافێ که شاعیر هەیەتی دانانی کوانتیتێتێکی درێژ به جێگای دوو کوانتیتێتی کورته. پێچەوانەی ئەم حالەته یانی (دانانی دوو کوانتیتێتی کورت به جێگای کوانتیتێتێکی درێژ) نابێت. ئەم دوو خاڵەش دەتوانین له نێو شیعرێکی دیوانی نالی ببینین. کێشی ئەم شیعره "فەعەلاتون / فەعەلاتون / فەعلەن" ە بەڵام له هەنگاوی ئەوەڵی زۆربەی نیودێڕەکان "فاعلاتون" دەبیندرێت. هەروەها له هەنگاوی ئاخری نیودێڕەکان زۆرتر کێشی "فەعەلون" دەبینرێت تا فەعلەن. به له بەرچاوگرتنی خاڵی دووهەمی مافی شاعێری دەتوانین لەم ئاڵوگۆڕەیش تێبگەیێن:

پێچەیی پەرچەمی یو پرچی سیا — هەر دەڵێی مانگەشەوه کۆڵمی تیا
لاده دەسرۆکەیی هەوری له جەبین — دەرکەوێ شەمس و قەمەر نوور و زیا
لێوی تۆ ئاوی بەقا، من خدرم — فەیزی تۆ ڕەحمەت و من سەوزەگیا
فەرشی کففی بەری پێته نێرگس — سەری داخستووه وەک چاوی حەیا
سەری فەرهادم و دەندووکی قولێنگ — دەستی مەجنوونم و دامێنی چیا
خاتری زاهید و خاڵی خاڵی — نییه ئەڵبەته له بێنێکی ڕیا
دوور له تۆ ئیدی مەپرسه قوربان — حاڵی نالی که نه مرد و نه ژیا

ئاخەرین بەشی یاساکانی عەرووزی سەبارەت به زەروورەتی کێشه که له عەرووزی فارسی سێ خاڵی بۆ دانراوه بەڵام له عەرووزی کوردی دا به دوو خاڵ دەکرێ له هێندێ ئاڵوگۆر تێبگەیێن. گرنگترینان سەبارەت به ئاڵووگۆڕی ڤاوڵەکان له ئاخری وشەدا.
پێشتر ئاماژەم بەوه کرد که هەر کات ڤاوڵەکانی زمانی کوردی له ئاخری پرگه یا وشه بێن، ئەگەر سترێس به سەریانەوه نەبێت، کورت دەبنەوه. ئەمه یانی کوانتیتێتی ڤاوڵ له ئاخری پرگەدا

هەمێشە یەک جۆر نییە و دەگۆردرێت. ئەگەر زەروورەتی کێشی پێویست بکات ڤاوڵە کورتەکان دەتوانن درێژ چاو لێ بکرێن ئەگەریش درێژ بن، دەکرێ کورت چاو لێ بکرێن.

بە شیعرێک لە تاهیر بەگی جاف کە بە ڕای من جوانترین و بە هێزترین کێشی عەرووزی کوردی خۆڵقاندوە، ئەم خاڵەش دەتوانین نیشان دەین:

بەحری هەزەج و کێشەکەی: مەفعوولو مەفاعیلو مەفاعیلو فەعوولون

هەر چەندە دەمێکە لە غەما غەرقەیی خوونم

هەر لەحزە لە دەس جەوری فەلەک مات و زەبوونم

بەسراوە بە زەنجیری ئەلەم گەردنی شەوقم

مەشهوورە لە ناو ئەهلی جیهان، شۆری جنوونم

ئەلفی قەدەکەم ڕاست وەکوو تیری خەدەنگ بوو

وا خەم بووو ئێستا کە ئەڵێی حەڵقەیی نوونم

مەعشووقە کە وا موونیسی ڕۆژ، هەمدەمی شەو بوو

وەک ئاهویی ڕەم کەردە لە دەس بەختی نگوونم

دڵ مڵکی عەجەم، عەسکەری غەم، لەشکری ساڵار

وێرانی ئەکا ئاخری بێ سوودە فسوونم

مەرهەم کە شەفا بەخشی برینە بە حەقیقەت

وەک داخی لە سەر داخە، لە بۆ داخی دەروونم

چونکوو هەموو شێواوە جیهان تەرز و ڕەوشتی

یەکسانە لە لام شادی یو غەم، بوون و نەبوونم

سەد شوکری خوا، مەرکەزی سەد میحنەت و دەردم

وا تێ مەگە لەم دائیرەیی چەرخە بیروونم

تاهیر وەکوو مەجنوون لە خەیاڵی روخی لەیلا

دێوانە لە سەحرا و سەراسیمە لە توونم

لە وشەکانی: غەرقەیی، جەوری، زەنجیری، گەردنی، تیری، عەسکەری و ... ڤاولەکانی ئاخر، هەموویان درێژن، بەڵام کورت چاویان لێ دەکرێ و لە وشەی " دەمێکە" ڤاوڵی ئاخر "ە" کورتە، بەڵام درێژ چاو لێ دەکرێ.

****

هەمووی ئەم یاسانە کە هەڵم بژاردن پێوەندی زۆریان بە سرووشتی زمانەوە هەیە. کێش و ڕیتمی شیعریش ڕێککەوتنێکە لە سەر زمان و بۆ یاساکانی زمان مڵ کەچ دەکات. شیعریش وەکو زمان ئەگەر یاساکانی نەناسین، فێربوونی دژوارە. مرۆڤ بە کارهێنانی زانست توانیویەتی زۆرێ لە دژواریەکان ئاسان کاتەوە. بۆ وێنە فێر بوونی خودی زمان تا سەد ساڵ لە مەو بەر، ئەرکێکی زۆر گران بوو و خوێندکار سالەها کاتی پێویست بوو تا لە حوجرەکانی مزگەوت فێری خوێندن بێ. بەڵام دەبینین ئێستا منداڵان زۆر بە خێرایی فێری خوێندن و نووسین دەبن. شیعر بە کێشی عەرووزیش دژوارییەکەی لەم جورە بووە. مەبەستم ئەمە نیە کە بڵێم کێشی عەرووزی ئاسانە بەڵکوم دەمەوێ بڵێم کە ئەو ئامرازانەی کە بەکار دەبەسترێن کاریگەری زۆریان لە سەر ئەوە هەیە کە ڕێگای فێر بوون دژووار یا ئاسان کەن.

دەزانم باسەکە زۆر وشک و تکنیکی بوو، هیوادارم زۆر سەرتانم نەئێشاندبێ.

زۆرسپاس